ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
35
10 ی ئایار / مەی 2022



## خزمەتگوزاری تەندروستی و مافی ژیان!

**موحسن کەریم**

دەسەڵاتی میلیشیایی کوردایەتی لە هەموو بارێکەوە بوە بە مەترسی بۆسەر ژیان و گوزەرانی خەڵک. ئەگەر تائێستا لەرێگای دەست بەسەراگرتنی قووتی خەڵکەوە گوزەرانی ئەوانی روبەرووی سەختی کردۆتەوە و بەرەو هەژاری رەها پاڵی پێوەناون، ئەوا بە نەهێشتنی خزمەتگوزاری تەندروستی و سپاردنی ئەم خزمەتگوزاریە بە کۆمپانیاکانی دەرمان ونۆرینگەو خەستەخانە تایبەتەکان راستەوخۆ خەڵکی لەسەر لێواری مەرگ راگرتوە!

هیچ کەس نیە ئەوە نەزانێت کە خەستەخانە حکومیەکان چۆن بوونەتە وێرانەو دەبێ بۆ دەنێک حەب و دەرزیەک بۆ نەخۆشەکانیان بچن بۆ خەستەخانە تایبەتەکان! تەنانەت وەزعەکە بەجۆرێکی لێهاتوە کە هەندێ پزیشک گلەیی و گازەندە لەو گەندەڵیە بکەن کە لەناو خەستەخانە حکومیەکاندا پەرەی سەندووە چۆن نەخۆشەکان بەبێ چارەسەر دەمێننەوەو ناچاردەکرێن بۆ چارەسەر و نەشتەرگەری بچنە نەخۆشخانە تایبەتەکان! گوێ لەهەر کەسێک بگریت باسی ئەوە دەکات کە چەندین ملیۆن دیناریان لێوەرگیراوە بۆ پێشکەشکردنی بچوکترین چارەسەری پزیشکی لەو خەستەخانە تایبەتانەدا. ئەوە لەولاوە بوەستێ کە تەنها بۆ دەستنیشانکردنی نەخۆشی و پشکنین و ئەو جۆرە خزمەتگوزاریانە دەبێت چەند سەد هەزار دینار بدەی بە پزیشکەکانی نۆرینگەکان و تاقیگە تایبەتەکان و تاد..... ئەم دۆخە بوەتە بارێکی

بۆ لاپەرە ٢

**دەسەڵاتی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی بە بنبەست گەیشتوە،**
**کاتی ئەوەیە جەماوەر خۆی دەسەڵات بگرێتەدەست!**



## جەنگ لەشەنگال پەردەیەکی تر لەتاوانکاری!

**خەسرەوسایە**

بۆ لاپەرە ٣



## چاوگێڕانێک بەسەر نارەزایەتیە کرێکاریەکاندا

**وەستا مەهدی رەسوڵ**

بۆ لاپەرە ٥



## خەڵک لە نێوان تەنگژە و رێککەوتنی پارتی و یەکێتیدا

**جەمال موحسین**

بۆ لاپەرە ٦

## کوردستان و جیهەتگیرییەک بۆ کاری داهاتوومان

**بەشێک لە راپۆرتی سیاسی سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی ٥ ی حزب**

لاپەرە ٧

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**

# درێژەی.... خزمەتگوزاری تەندروستی و مافی ژیان!

قورس و گران لەسەر گیرفانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکیش و ناچارن لەدەمیان بگرنەوە، یان کەلوپەلی ماڵیان بفرۆشن یاخود لەلایەن کەسوکارەوە هاوکاری دارایی بکرێن، بۆئەوەی پارەی دکتۆرو دەرمان دابین بکەن!

سەرباری ئەم کارەساتەی روبەرووی کەرتی تەندروستی کراوەتەوە لەسەر دەستی کاربەدەستانی دەسەڵاتداری کوردایەتی، کە سەلامەتی ژیانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی روبەرووی مەترسی کردۆتەوە، کارەساتێکی گەورەتر خەریکە هەرەشە لەژیانی هەزاران کەس لە توشبوانی شێرپەنجە دەکات بەوەی کە نەخۆشخانەی هیوا لە سلێمانی کە نەخۆشخانەیەکی حکومیەو خزمەتگوزاریەکانی بەخۆڕایی پێشکەش بە تووشبوانی شێرپەنجە دەکات، خەریکە بەرەو داخران دەچێت! لەکاتێکدا بەهۆی گرانی تێچوونی چارەسەرەکانەوە لە توانای هیچ خێزانێکی کرێکاری و کەمدەرامەتدا نیە دەستبەری بکات، ئەمەش مانای وایە راستەوخۆ ژیانی سەدان کەس بەبێ دوودڵی لەبەردەم هەرەشەدایە!

ئێستا کەمپینێک بۆ پاراستنی نەخۆشخانەی هیوا و دابینکردنی بودجەیەک بۆی لەلایەن حکومەتی عێراق و هەرێمەوە تا بتوانێ بەردەوامی بدات بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە تووشبوانی شێرپەنجە کە ساڵانە ژمارەیان بەرەو سەردەچێت لە عێراق و کوردستاندا، بەرێکەوتوە. ئەم کەمپینە جێگای پشتیوانی هەر مرۆڤێکی مرۆڤدۆست و خاوەن ویژدانی ئینسانیە. بەڵام دەبێت خەڵکی کوردستان بۆ پاراستنی ژیان و سەلامەتی خۆی و نەوەکانی داهاتوو، نەک هەر دەسەڵاتدارانی کوردایەتی و حکومەتی ناوەند ناچار بکەن کە پێداویستیە دەرمانی و پزیشکیەکان بۆ خەستەخانەکەو بودجە بۆ مووچەی کارمەندان و پزیشکەکان و ..تاد. دابین بکەن، بەڵکو دەبێ مەسەلەی دابینکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی و پزیشکی خۆڕایی لەلایەن حکومەتەوە بۆ هەموو هاوڵاتیانی کوردستان وەکو پرسێکی گرنگ و سەرەکی مامەڵە بکەن کە پەیوەندی راستەوخۆی بە پاراستنی ژیانی خۆیان و نەوەکانیانەوە هەیە. دابینکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی خۆڕایی بۆ هاوڵاتیانی کوردستان مەرجی سەلامەتی و پاراستنی مافی ژیانە کە یەکێکە لە مافە سەرەتاییەکانی خەڵک و بگرە لە جاڕنامەی گەردونی مافەکانی مرۆڤ کە خودی دەوڵەتە بۆرژواییەکانی دنیا دانیان پێدا ناوە بەڕوونی هاتووە دەبێ دەوڵەت ئەو مافە بۆ هاوڵاتیەکانی دەستبەر بکات.

ئێستا کاتی ئەوەیە فشار بۆ دەسەڵاتدارانی کوردایەتی بهێنرێ کە دەست هەڵگرن لە دزی و تاڵانکردنی داهاتی خەڵک و بودجەی پێویست بۆ نەخۆشخانەی هیوا بەتایبەتی و کەرتی تەندروستی بەگشتی تەرخان بکات، ئەگەر ئەو کارە ناکات، ئێترکاتی ئەوەیە خەڵک بۆ پاراستنی ژیانی و ئایندەی خۆیان دەستی ئەمانە یەخەی خۆیان بکەنەوەو خۆیان ببنە خاوەن دەسەڵات و داهاتی کوردستان و بودجەی پێویست بۆ ئەم کەرتە تەرخان بکەن!

★

**دابینکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی خۆڕایی بۆ هاوڵاتیانی کوردستان مەرجی سەلامەتی و پاراستنی مافی ژیانە کە یەکێکە لە مافە سەرەتاییەکانی خەڵک!**

ئۆکتۆبەر

ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

سەرنوسەر : موحسن کەریم

ڤایبەر: 07700475533

muhsin_km@yahoo.com

ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی: **عوسمانی حاجی مارف**

مۆبایل:00964(0)7701570050

Email: Osman_maruf@yahoo.com

سەرۆکی مەکتەبی سیاسی: **خەسرەو سایە**

00964(0)7701521043

Email: saya.xasraw@yahoo.co.uk

ڕێکخراوی دەرەوە: **دەشتی جەمال**

Mob: 0044(0)7856032991

Email: dashtyjamal@gmail.com

# جەنگ لەشەنگال، پەردەیەکی تر لەتاوانکاری!

خەسرەوسایە

ئەو برینەی کەداعش لەسەر جەستەی خەڵکی شەنگال هەڵیکۆڵی، هێشتا هەر خوێنی لێدەتکێ، هێشتا ئاوارەبوون و دەربەدەرییەک کە بەسەر خەڵکی ئەم شارەدا داسەپێندرا، هەر درێژەی هەیە، کەچی وا بۆجارێکی تر لەبەردەم شەڕو پێکدادان و ماڵوێرانییەکی تردا لەلایەن چەند هێزو لایەنی کۆنەپەرستەوە ڕاگیراونەتەوە.

بەڵام ئەمجارە ئەوە داعش نیە کە بەڵایەکی سەرسەری خەڵکی ئاوارەو غەدرلێکراوی ئەم شارەبێت، بەڵکو ڕاستەوخۆ لەلایەن هەموو ئەو هێز و دەوڵەتانەوەیە کەپێشتر خۆیان بە فریادڕەس و خەمخۆری خەڵکی زەحمەتکێشی شەنگال ناوزەد کردووە سەرو بنی زمانیان "لایەنگری مرۆڤدۆستانە" و خەمخۆری و گەیاندنی کۆمەک و خزمەتگوزاریە بۆ شارەکە، کەچی ئێستا خەڵکی ستەمدیدەی شەنگالیان کردۆتە بارمتەیەک بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندیە دژی ئینسانیەکانیان و مەعلوم نیە لە شەڕوهەڵای نێوانیاندا چ بەڵایەک و چ نەهامەتیەکی تریان بەسەردا دادەسەپێنن.

بەپێچەوانەی ئیدعاو پاساوەکانی هەریەک لەلایەنە دەرگیرەکانی ئەم بارگرژیە، کە سەبارەت بەگێرانەوەی ئارامی بۆ شارەکەو زەمینەسازکردن بۆ ئاوەدانی و گێرانەوەی ئاوارەکان، دەیدەن بەگوێ ڕای گشتیدا، ئەم شەڕەی کە ئێستا لەشەنگال تەپوتۆزی لێهەڵدەستێ، پەردەیەکی ترە لەتاوانکاری دەرهەق بەخەڵکی مەزلومی ئەمشارە. بەڵام ئەو سیاسەت و ئامانجانە چین کە لەپشتی هەڵایسانی ئاگری ئەم شەڕەوە ڕاوەستاوە و هەر لایەنە شوێنکەوتەی چ ئامانجێکن؟ خەڵکی شەنگال دەبێ چ بکەن تا جارێکی تر نەبنەوە خۆراکی شەڕ و بەرژەوەندیەکانی ئەو هێزانە کە لەئێستادا کەوتونەتە بەرامبەر بەیەکەوەو ڕۆڵ دەگێرن لە خولقاندنی تراژیدیایەکی تردا؟

خەڵکی شەنگال قوربانی سیاسەتی هێزە ناوخۆییەکانی وەک پارتی و یەبەشەو حەشدی شەعبی و دەخاڵەتی دەوڵەتانی ناوچەکەن، کە لەپێشیانەوە حکومەتی عێراق ڕاوەستاوە. حکومەتی عێراق ساڵو نیویک لەمەوبەر لەژێر ناوی "گێرانەوەی سیادەی دەوڵەتی فیدراڵ" بەسەر شەنگالدا، ڕیکەوتننامەیەکی لەگەڵ پارتی و حکومەتی هەرێمدا ئیمزاکرد، کە بەگەرمیەوە لەلایەن ئەمریکاو نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پێشوازی لێکرا و لەکەناریشەوە، دەوڵەتی تورکیاو ئۆردوگانی ڕازی کرد، ئەویش بەوەی کە ئەنجامی ڕێکەوتنەکە ئەگەر بەدەرپەڕاندنی یەبەشە، وەک باڵیکی پەکەکە، وەیا پەڕوباڵکردن و هێشتنەوەی لەسوچێکدا بگات، ئەوا یەکێک لەهێزە نەیارەکانی کە لەبەرەکانی پشتی شەڕەوە، لەدژی تورکیا ڕاوەستاوە، لاوەکی دەبێتەوە و ئەمەش دەستکەوتێکی بەهادارە بۆ تورکیا تا لەدۆخی ئێستای ناوچەکەو ئەو گێژاوەی کە لەسوریاو عیراقدا هەیە، زیاتر پێ لی ڕابکێشێ و ناوچەی ژێر نفوزی خۆی بەرینتربکاتەوە.

بەتایبەتی کە بەپێی ڕیکەوتنەکەی نێوان عێراق وهەرێم، بڕیارە هێزەکانی سوپای عێراق، بەهاوبەشی لەگەڵ چەکدارەکانی حەشدی شەعبیدا، کۆنتڕۆڵ و ئەمنیەتی شەنگال بەدەستەوە بگرێ و پارتیش پۆستە ئیداریەکان و ئاسایشی ناوخۆی شارەکەی پێبدرێت. بەڵام قەیرانێکی حکومەتی و ناکۆکیەکانی نێوان لایەنە شیعیەکان خۆیان و ناکۆکی نێوان لایەنە سونی و شیعەو کوردەکان و هەموو ئەم هێزانە لەکاتێکدا کە دەسەلاتێکی کاتی و لەرزۆکی وەک حکومەتەکەی کازمی ئەرکی جێبەجێکردنی ڕیکەوتنەکەی لەئەستۆبوو، نەیتوانی و بۆی نەکرا، یەک هەنگاو لەئاستیدا هەڵبگرێت، هەربۆیە ڕێکەوتنەکە زیاتر لەساڵێک وەک مەرەکەبی سەرکاغەز مایەوە.

تورکیا کەبەدوای سەرهەڵدانی قەیران و جەنگ لەسوریادا کەوتۆتە شوێن ستراتیژی دامەزراندنی پشتێنەیەکی ئەمنیەوە، ئەویش بەدابڕاندنی ناوچەیەکی سنوری نێوان تورکیاو سوریا، تورکیاو عێراق، تا هاوکێشەی هێزی دەخاڵەتگەرانەی لەبەرامبەر وجودی ئێران لەعێراق وناوچەکەدا ڕابگرێ، پەکەکەی کردۆتە بەهانەیەک بۆ لەشکرکێشی و بردنەپێشەوەی فاشیسترین سیاسەت لەئاستی خەڵکی ناوچەکەدا لەوانەش لەعەفرین و شەنگال و سنورەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا. بێگومان لەبردنەپێشەوەی ستراتیژێکی ئاوادا، ئەوە تورکیاو حکومەتەکەی ئۆردوگانە کە ئامادەیە نەک هەر خەڵکی بریندار و ئاوارەی شەنگال بکاتە قوربانی و لەتراژیدیایەکی ئینسانی بەردەوامدا ڕایان بگرێ، بەڵکو چارەنوسی خەڵکی ناوچەکە لەجەنگ و دەستدرێژی بەردەوامدا ڕابگرێ.

یەبەشە کەشەنگالی وەک پێگەیەکی خەلفی بۆ شەڕی پەکەکا لەدژی تورکیا و مانەوەی هێزەکانی یەپەگە لەسوریادا بەدەستەوەگرتوە، تا ئەوکاتەی سیاسەتی چاوەڕوانی و ئەنجامی گفتوگۆ و پەیوەندیەکانی لەگەڵ یەکێک لەهێزە ئیمپریالیستەکانی وەک ئەمریکاو ڕوسیا و تەنانەت بەریکەوتن لەگەڵ بەشار ئەسەدا، بەپشتیوانیەکی

⇦

نیودەوڵەتی یەکلایی دەبێتەوە، مانەوەی یەبەشەی لەشەنگالدا، بەهەرنرخێک بووە کردۆتە یەکێک لەپێداویستیە جەنگیەکانی ئەمڕۆی ئەم لایەنە. لەمەشدا گرنگ نیە کەخەڵکی شەنگال چیان بەسەردەیت و رووبەڕوی چ مالۆیرانیەکی تر دەبنەوە.

پارتیش کەخۆی تاوانبارە بەتەسلیمکردنی شەنگال بەداعش و ئەو تراژیدیایەی کە بەسەر خەڵکەکەیدا هات، چاوی لەوەیە کەبەوەرگرتنی پلەو پۆستێک لەشارەکەدا، ئیمزا لەهەر ڕێکەوتنێک بدات ئەگەر بەکارەساتیش بۆ خەلکەکەی تەواوببێت. ئەمە لەکاتێکدایە، کە ئەگەر شەڕی نیوان سوپای عێراق و یەبەشە لەشەنگالدا بەپێی ڕێکەوتنێک کە ئیمزای لێداوە، بتوانێ وجودی هێزەکانی یەبەشە هەڵکەنێت، خزمەتێکی باشی پێشکەش بەتورکیا کردووە، کەبێگومان پاداشتێکی چەوری لەلایەن ئۆردوگانەوە بەدواوەدەبێت.

ئێران کە نفوزی لەنێو شیعەکاندا بۆ نێو هێزە میلیشاییەکانی سەربەحەشدی شەعبیدا ڕۆچوە، ئەگەرچی وا دەردەکەوێت ڕۆڵیکی لاوەکی هەبێت، بەڵام تائەوکاتەی ئەمریکا لەناوچەکەدا بێت و تورکیاش وەک حەریفێکی ناوچەیی ببینێت، لێناگەڕێت بەبێ وەرگرتنی ئیمتیازاتێک، هەروا بەسادەیی، ڕێکەوتنی شەنگال بەکردەوە دەربێ. بەمجۆرەش ئەوە خەڵکی شەنگالە کە لەگێژاوێکی ئەمنی و بارگرژیەکی بەردەوامدا ڕاگیراوە و کراوەتە قوربانی سیاسەت و بەرژەوەندیەکانی هەموو ئەم لایەنە کۆنەپەرست و دژی ئینسانیانەوە. ئەگەرچی هەموو ئەم واقعیەتانە گوزارشت لەزەمینەکانی شەڕ و پێکدادانی بەردەوامی نیوان لایەنە دەرگیرەکان لەشەنگالدا بخاتەڕوو، بەڵام هێشتا ناگەین بەو سیاسەت و هۆکارە دیاریکراوانەی کەشەڕی ئێستای شەنگالی لێکەوتوتەوە.

ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکانی تورکیا لەژێر ناوی"چنگی قفڵ"دا، کە بەراکێشانی سوپا تا قولایی پەنجا کیلۆمەتری بەرەو ناوخۆی هەرێمی کوردستان گەیشت، ئەمەش بەپاساوی گەمارۆدانی پەکەکا، هاوکات بووە لەگەڵ بزواندنی هێزەکانی بۆسەر ناوچە کوردنشینەکان لەسوریاو توندکردنەوەی فشارەکان لەسەر پارتی و حکومەتەکەی کازمی تا ڕیکەوتننامەکەی نێوانیان جێبەجێبکەن. بەمجۆرەش شەڕی ئەمجارە لەشەنگال ئەڵقەیەکی تری ئۆپەراسیۆنەکانی تورکیایە کە لەدرێژەی ستراتیژی دامەزراندنی پشتێنەی ئەمنی لەسەر سنورەکانی خۆی لەگەڵ سوریاو عێراقدا، بەدەستیەوە گرتوە. لەمەشدا ئەوە کازمی و حکومەتەکەیەتی کە بەبزواندنی سوپا و هەڵگیرساندنی شەڕ لەشەنگال مەبەستیەتی نەک هەر وەلام بەفشارەکانی تورکیا بداتەوە، بەڵکو لەڕیگەی ئەم لەشکرکێشی وشەڕەوە، پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی دوو دەولەتی خاوەن سیادە دامەزرێنی و ڕۆڵی پارتی و پەیوەندیەکانی لەگەڵ تورکیادا، بخاتە ژێر سێبەری خۆیەوە.

بەڵام نفوزی ئێران لەناو هێزەکانی حەشدی شەعبیدا، لەلایەک و ڕەنگدانەوەی ناکۆکیەکانی نیوان باڵە دژ بەیەکەکانی شیعەکاندا، لەسەر پێکهینانی حکومەتی تازەی عێراق، لەلایەکی ترەوە، هەولەکانی کازمی بۆ درێژەدان بەشەڕ لەشەنگال پەک خست و بەنیوەندگیری ئەو بەشە لەحەشدی شەعبی کەلایەنگرانی ئێران و مالیکین، بەرەو هودنەو ڕێکەوتنێکی کاتی لەگەڵ یەبەشەدا گەیاند، لەکاتێکدا مەعلوم نیە تورکیا بەم دۆخە ڕازی دەبێ یان نا، تەنانەت مەعلوم نیە کەی ئاگری شەڕ بەپاساوێکی تری لایەنەکان کڵپە دەسێنێتەوە.

بەڵام هەرچۆنێک بووە، ئەوە خەڵکی ئاوارەو مەزڵومی شەنگالن کە لەنێوەندی جەنگ و تراژیدیەیەکی تردا بەدەست ئەم هێزە کۆنەپەرستانەوە ڕاگیراون.

بێگومان کۆتاییهێنان بەم دۆخە مەرگبارە لەدەستی خەڵکی شەنگال و ئازادیخوازاندایە. دەبێ دەستی هەموو ئەو هێزو لایەنانەی کەیاری بەچارەنوس و موقەدەراتی خەڵکی ئەم شارە دەکەن، کۆتابکرێ. ئیرادەی شۆڕشگێرانەی جەماوەی ستەمدیدە، بۆ بەدەستەوەگرتنی شارەکەو بەڕیوەبردنی لەلایەن خۆیانەوە، ئەتوانێ فاکتۆرێکی بڕیاردەربێت لەوەی کە دەرگای داهاتویەکی ئینسانی بەرووی خەڵکی شەنگالدا بکاتەوە. نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکانی چەند ڕۆژی ڕابردووی خەڵکی شەنگال بۆ خواستی" چوونەدەرەوەی لایەنە شەرکەرەکان" و" گێرانەوەی ئاوارەو دابینکردنی خزمەتگوزاریەکان" ئومێدێکە کە دەتوانێ بزوتنەوەیەکی سەربەخۆی جەماوەری یەکگرتوو ڕێکخراو لەمەیداندا، تاسەر ئاستی بەدەستەوەگرتنی ئەمنیەت و بەڕیوەبردنی شارەکە، ڕابگرێ وشەنگالیەکان لەوگێژاوە دەرکێشی کە تێکەوتون.

٨/٥/٢٠٢٢

**حکومەت و دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی شکستی خۆی ڕاگەیاندووە مانەوەی تەنها کارەساتەکانی ژیانی خەڵک زیاتر دەکات! کاتی ئەوە هاتوە خەڵک خۆتان بڕیاری کۆتایی بدەن و شێوازی ژیان و ئایندەی خۆتان دەستنیشان بکەن. سیاسەتبازەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی دۆستی درۆینەی ئێوەن و کاریان پاراستنی دۆخی ئێستایە لە زەبری تورەیی و شۆڕشی ئێوە بەناوی دژایەتیکردنی ئەو دەسەڵاتەو حزبە دەسەڵاتدارەکانەوە!**

# چاوگێڕانێک بەسەر نارەزایەتیە کرێکاریەکاندا

وەستا مەهدی ڕەسوڵ

کرێکاران لەکوردستان وەک هەر شوێنێکی دیکەی دنیا نارەزایەتیان هەیە و بەشێوەی جۆراوجۆر نارەزایەتیەکانیان دەدەنەوە بەرووی خاوەنکارو دەسەلاتدارانادا. بەرجەستەترین و دیارترین نارەزایەتی کرێکاران لە پارساڵ و ئەم چەند مانگەی ئەمساڵدا نارەزایەتی کرێکارانی ژینگەپارێز بووە کە لەسنوری پارێزگای سلێمانی سەری هەڵداوە. نارەزایەتی ژینگەپارێزەکان لەسەر دواخستنی موچەکانیان بووە لە شاروشارۆچکەکانی سەر بە پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی راپەرین و گەرمیان و هەروەها بەشێک لە کرێکارانی ناوشاری سلێمانی. کرێکارانی ئەم شوێنانە کە ژمارەیان مەزەندە دەکرێت بە ٣ هەزار کرێکار و دابەش بوون بەسەر کومپانیای شکار و گارێکس و خالید و شینکی و هەرێم و گەردین پاپا گروپ. بەقەولی کرێکاران لەسەرەتای دەستبەکاربونیانەوە لەکاتی خۆیدا موچەیان بەکرێکاران نەداوە بەتایبەت لەم یەکساڵ و نیوەدا کە ئیشارەتم پێدا. لەهەندێ جێگا موچەکانیان بۆ سێ مانگ دواکەوتووە، کاتێکیش کە وەریانگرتووە تەنها پارەی مانگێک یان دوو مانگیان پێداون و هەمیشە کومپانیا قەرزارماوەتەوە. بیانوی گشت کومپانیاکان تەنها ئەوەیە کە حوکمەت بەپێی رێکەوتنێک کە هەیانە لەگەڵ کومپانیان لەکاتی خۆیدا سلفە و شایستە داراییەکانیان پێنادات. لەپار مانگی شەشەوە کار گەیشت بەوەی کە کرێکاران ناچاربن بۆ داوای موچەکانیان لەبەردەم کەمپی کومپانیاکاندا گردبنەوە و کار رابگرن. زنجیرەک نارەزایەتی لەمجورە بەشێوەی پچرپچر دەستی پێکردو هەندێ جار لەژێر فشاردا کومپانیاکان ناچاردەبوون موچەیان پێبدەن. کرێکاران سەرەتا دەترسان و نەیاندەوێرا دەست بەرن بۆ راگرتنی کار، بەڵام ئێستا لەوەتێگەیشتون کە خاوەن کومپانیاکان بەقسەی خۆش و دڵرازیکردن ناچێتە ژێرباری مافەکانیان، بۆیە لەئێستا جۆرێک لە رێکخراوبون و گردبونەوە لەدەوری خواستەکەیان دەستی پێکردوە، وە لەرێگای ماسنجەر گروپەوە کۆدەبنەوەو بریاردەدەن و کار گەیشتووە بەوەی نەک هەر بەردەرکی کەمپەکان بگرن، بەڵکو دەرگای بەرێوەبەرایەتیەکانی شارەوانیەکان و بەرێوەبەری ناحیەو قایمقام و خاوەن مەقامەکانی حوکمەتیش دەگرن و هەندێ جار ناهێڵن دەوام بکەن. جاروباریش جادەی سەرەکی نێوان شارەکان بەرووی هاتوچۆدا دادەخەن. ئەمە بێجگە لەهەراسانکردنی ئۆفیسی سەرەکی کومپانیا و هەرەشەی هەڵدانی چادر لەبەردەم ئەو ئۆفیسانە. نارەزایەتیەکانی ئەم کرێکارانە بۆخواستی دەستەبەرکردنی موچە ئەوەندە حەقانیەتی هەیە، ئەوەندە هۆشیارانە هەڵوێست وەردەگرن دەتوانین بڵێن کە بزوتنەوەی کرێکاری لەکوردستان خەریکە پێدەنێتە دەورەکی تازەوەو مۆدێلێک لە رێکخراوبون کە خەریکە سەروکەڵەی نیشاندەداو دەبێتە خاوەن رابەرو جێگاوشوێنی خۆی دەناسی لەئاستی کومەڵاتیدا. باشیش درک بە ئەوزاعی ئابوری و نایەکسانی چینایەتی دەکات و سەبەتەی خۆراک و زەکات و سەرفترەش ئێستا ناتوانیت بەلاریدا ببیان بات. هاوشانی ئەم بەشەش، کرێکارانی پرۆژەو دامەزراوە پیشەسازیەکان نارەزایەتیەکی بێوێنەی تیدایە لەبەرامبەر بەکەمی موچەو سیستەمی کارکردن و تادوایی، بەڵام هێشتا لەو ناوەندانە بێکارکردن چەکێکە بەدەستی خاوەنکارەکانەوە و موچەش هاوشێوەی کرێکارانی خزمەتگوزاری نییە، بۆیە نارەزایەتیەکانی ئەم بەشە یان تەنها لەرێگای سکالاو واژۆکۆکردنەوە دەچێتە پێشەوە، یانیش هەر پرتەوبۆڵەی ناوکرێکاران خۆیانە. رێگریەکی توندیش هەیە لەبەرامبەر رێکخراوبون. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی نارەزایەتیە کرێکاریەکان لەم یەک دوو ساڵەی رابردوودا بەرەو سەر هەڵکشاون و هوشیاری چینایەتی کرێکاران بەرەوسەرتر چووە. هەوڵەکان بۆ رێکخراوکردنی کرێکاران و بەرێخستنی جموجوڵە کرێکاریەکان بەرە بەرە خەریکە ریزێک لە هەڵسوراوان و رابەرانی کرێکاری دەهێنێتە پێشەوە کە ئەمانە مژدەبەخشی ئەوەن کرێکارانی کوردستان بتوانن ئەو دەورەی بەستەڵەکەی کە ساڵانێکی زۆر تێیدا نقوم کرابوون تێپەرێنن و بزوتنەوەیەکی بەهێز پی بگرێت کە نەک هەر کرێکاران بخاتە پێگەیەکی بەهێزترەوە بەرامبەر بە چینی بۆرژوازی کورد، بەڵکو زەمینەکانی رابەریکردنی بزوتنەوەی کرێکاری بۆ بزوتنەوەی نارەزایەتی و گشتی جەماوەری زەحمەتکێش و هەژاری کوردستان برەخسێنێ.

٨/ئایار/٢٠٢٢

**رێکخراوبوونی کرێکاران مەرجێکی گرنگی سەرکەوتنی نارەزایەتیەکانیانە!**

# خەڵک لە نێوان تەنگژە و ڕێککەوتنی پارتی و یەکێتیدا

## جەمال موحسین

جارێکی تریش گرژی و دەمەدەمەی راگەیاندن و وتەی سەرانی یەکێتی و پارتی بازاڕی گەرم بووە. بیانویەکی ئەمجارەیان وا دەرئەکەوێ ئەو مقۆمقۆیە بێت کە لەسەر هەناردەکردنی غازی کوردستان هاتۆتەپێشەوە. لە کاتێکدا لە راستیدا تەنها ئەوە نییە و زۆر مەسەلەی تر هەیە کە لەسەری ناکۆکن. ئیتر کەوتوونەتە هەڵدانەوەی چەندین دۆسیە و مەسەلەی جیاواز کە هەمیشە لە نێوانیاندا هەبووە. شتێکی سەرنجراکێشیش کە تازە نییە ئەوەیە کە لەم نێوەدا هەرچی لەسەر یەک ئەیڵێین راستە و خەڵکیش زۆر لەوە زیاتر لەسەر ئەوان ئەزانێ.

هەروەک ئەم ناکۆکی و ناتەباییەی نێوان یەکێتی و پارتی پێشینەی هەیە، هەر جارە و مەسەلەیەکیان بەدەستەوە گرتووە و کردوویانەتە بیانویەک بۆ فەزا هەڵخراندن. بەڵام با لەم دۆخەی ئێستا بپرسین کە ئایا ناکۆکیەکە لەسەر چییە؟ بۆچی لەم کاتەدا ئەوان ئەوەندە ناتەبان؟ یاخود گرژی ئەمجارەیان لە چ دۆخێکدایە؟ بە جیا لەوەی لە شاخ چۆن بوون و چەند جار شەڕ لە نێوانیاندا هەڵگیرساوە، ساڵانی دەسەڵاتیان لە ١٩٩٢ ەوە و شەڕی ناوخۆ و کێشمەکێشیان لەوکاتەوە لەسەر فراوانکردنەوەی ناوچەی ژێر کۆنترۆڵ و دەسەڵاتی خۆیان، ئێستا زۆر بیانویان لە دژی یەکتر قوت کردۆتەوە، لەوانە ڕێکنەکەوتن لەسەر پێکهێنانی حکومەت و سەرۆک کۆمار لە عێراق، داهاتی نەوت و غاز، هەڵبژاردنی کوردستان و یاساکەی، دوو ئیدارەیی دیفاکتۆی زۆنە جیاکان، پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتەکانی ناوچەکە و جیهان و... هتد. وا باشترە پێش لە هەر شتێک چاوێک لە هۆکارەکانی پشتی ئەم دۆخەی نێوانیان بکەین:

یەکەم و سەرەکیترین هۆکار کە لەم چەند ساڵەی دواییدا زۆر زەق بۆتەوە لەلایەک قەیرانێکی سەراپاگیر و هەمەلایەنەیە کە ئەوان لەرووی ئابوری و سیاسی و ئیداریەوە تێیکەوتوون. ئەوان وەک دەسەڵات و حکومەت بە بنبەست گەیشتوون. بە کردەوە سەلماوە توانای بەڕێوەبردنی کۆمەڵگایان نییە. ناتوانن کرێ و موچەی کرێکاران و کارمەندان دابین بکەن. خزمەتگوزاریە تەندروستی و گشتیەکانی تری وەک کارەبا و ئاو و جادەوبان و شارەوانی و... هتد. گەیشتۆتە سفر. ئەوان یەک دەست نین و لە ئێستادا پلان و ڕێگەچارەی دەرچوون لەو دۆخە قەیراناویەیان نییە. هاوشانی ئەمە نارەزایەتیەکی قوڵ و بەرینی کۆمەلایەتی بەربینی گرتوون. خەڵک جگە لە تورەیی و نەفرەت لە دژی خۆیان و دەسەڵاتیان، بە چەند زمان وەلانانی ئەوانیان دوپات کردۆتەوە. ئەو قەیرانە چەند لایەنیە و نارەزایەتی خەڵک بە وێنەی ئەژیدهایەکی حەوت سەر گەمارۆی داون و لە چاوەڕوانیدا توشی تەنگەنەفەسی کردوون. بۆیە هەردوولا هەوڵ ئەدەن یەکتر تاوانبار بکەن بە خولقاندنی ئەو دۆخە تاکو لەملاوە خۆیان بێبەری بکەن و هێشتاش نفوزێکی خۆیان کە هەیانە ڕایبگرن. بە کردەوە زۆنەکان جیابۆتەوە و ئەوەی کە پێیان ئەووت مەترسی دوو ئیدارەیی، بۆتەوە بە دیفاکتۆ. لەم پەیوەندەوە هەردوولا پشکی گەورەی تاوانی دژی خەڵکیان ئەکەوێتە ئەستۆ. پارتی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی زۆنی سەوزی گەمارۆ داوە، لەژێر بیانوی ئەوەدا کە یەکێتی مل بە یاسا و بریارەکانی حکومەت نادات و داهاتی گومرگی و ناوخۆیی ئەم ناوچانە نارژێتەوە ناو داهاتی حکومەت. وەک ئەوەی هەردووکیان حکومەتیان پێکنەهێنابێت و ساڵانێکە پێکەوە لە لوشدانی داهاتی کۆمەڵگە و برسی و هەژارکردنی خەڵک و سەرکوتی ئەماندا وەک یەک بەشدار نەبوون. پێویستە بووترێ ئەوەندەشی بە حزبەکانی دەرەوەی حکومەت (ئۆپۆزسیۆنی بۆرژوازی) ئەگەڕێتەوە ئەگەر سەرزارەکی پلارێک بگرنە دەسەڵاتی ئەوان، لەوەدا هاوبەشن کە پێکەوە سیستەمەکە بپارێزن و لەژێرناوی ئاشتی و سازان و ڕێککەوتندا تەنها ئەیانەوێت دەسەڵات لە تورەیی و مەترسی شۆرشی خەڵکی کریکار و زەحمەتکێش بپارێزن لەپێناو دانی بەشێکی زیاتریشدا بە خۆیان.

هۆکارێکی تری ئەم ناکۆکیەی نێوان یەکێتی و پارتی پەیوەستە بە جێگەوڕێگەی هەر یەکەیان لە عێراق و خۆ سازدان لەگەڵ پرۆسەی سیاسی و دەوڵەتی لە عێراقدا لە چوارچێوەی فیدراڵیزمدا. ستراتیژی هاوبەشی نێوان ئەم دوو هێزە خۆگریدانەوەیە بە ناوەند و جێگەگرتنێکە لە دەوڵەتسازی و پێکهێنانی حکومەتدا لەوێ. بەڵام دۆخی عێراق بەدەر نییە لە دەخاڵەتی راستەوخۆی دەوڵەتەکانی ناوچەکە و بۆرژوازی جیهانیش بە تایبەتی لەم دۆخە نوێیەی دوای شەڕی ئۆکرانیادا. هەروەک ئاشکرایە و پێشتریش وتوومانە تا ئێستا کۆمەڵگەی عێراق گۆرەپانێکە بۆ ململانێی دەوڵەتە زلهێزەکان لەلایەک و ئێران و تورکیاش لەلایەکی ترەوە. بەڵام جەنگی ئۆکرانیا و ئالوگۆڕێک کە بە گشتی لە ئاستی جیهانیدا هاتووە و دێتەپێشەوە و لە ریزبەندی حزبەکانی عێراق و کوردستانیشدا رەنگی داوەتەوە، ئەم مەسەلەیەی تۆختر و قوتبیتر کردۆتەوە. هەرچی پارتیە لە بەری تورکیا و ئەوروپادا و لە عێراقیشدا پاڵی بەو

هێزانەوە داوەتە کە زۆرتر ئەم ئاراستەیەیان هەیە (وەک هاوپەیمانی ڕزگاریی نیشتمانی لەگەڵ سەدر و حەلبوسیدا پێکیناوە). ئەوەندەشی بە یەکێتی ئەگەڕێتەوە کە پاڵی بە ئێرانەوە داوە لەگەڵ ئەو هێزە شیعیانەدا کە مەیلیان بەلای ئێرانەوە هەیە (وەک چوارچێوەی هەماهەنگی) ، خۆی سازاندووە. ئیتر لەم کێشمەکێشەدا ئەگەر وا دابنرێ کە سەرئەنجام دۆخی عێراق بڕێک سەقامگیر ببێت، هێزەکان بە یەکێتی و پارتیشەوە ئەبێ بە تەوافق ڕێکبکەون و هەرلایەک دەستبەرداری بەشێک لە شتەکانی خۆیان ببن. لە ئەگەری ئەوەشدا ئەم تەوافقە سەرنەگرێ و دۆخەکە بشێوێت ئیتر لە هەموویان ئەشێوێت و لە ڕاستیدا ئەم ئەگەرەش کراوەیە.

فاکتۆرێکی تر وابەستەیی کوردستانە بە بازاڕی جیهانیەوە کە پەیوەستە بە ناردنەدەرەوەی نەوت و غازەوە. کوردستان ئەوەندە سەربەخۆ و دەستئاوەڵا نییە کە خۆی بڕیاربدا و ئەم بازاڕە دیاریبکات. هەموو ئەو دەوڵەتانەی لەم مەسەلەیەدا کایە ئەکەن، ڕۆڵیان هەیە شتی خۆیان بسەپێنن بە تایبەتی لەم دۆخی جەنگەی ئۆکرانیادا.

کەواتە هەمیشە بیانو و مەسەلەیەک هەیە بۆناکۆکی و گرژی نێوان یەکێتی و پارتی. لە شتێکدا پێکبێن و ڕێکبکەون، لە شتێکی تردا ڕێکناکەون... بەڵام ئەمە هیچ پەیوەندیەکی بە بەرژەوەندی و ژیانی خەڵکەوە نییە. ئەوەی بەرژەوەندی خەڵکە دەرهێنانی ژیان و چارەنووسیەتی لە دەستی ئەم گەمە سیاسیانەی ئەم دوو هێزە و ئەوانەی لە هەمان گۆڕەپانی بەرژەوەندی ئەواندان ئەیکەن. ئەمەش تەنها بە وەلانانی ئەم دەسەڵاتەو گرتنەدەستی چارەنوسی سیاسی کۆمەڵگا لەلایەن خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش خۆیانەوە مەیسەر دەبێت. دەبێ خەڵکی کوردستان لەدەرەوەی دەعوای ئەم دوو حزبە مشەخۆرو تالانچیەدا بەشوێن بەرژەوەندی خۆیان و باشکردنی ژیان و گوزەران و مسۆگەرکردنی ئاییندەیەکی ڕوناک بۆ خۆیان و نەوەکانیان بچن.

★

# کوردستان و جیهەتگیرییەک بۆ کاری داهاتوومان

## بەشێک لە ڕاپۆرتی سیاسی عوسمانی حزجی مارف، سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی(٥) ی حزب

ئەوزاعی کوردستان ڕاستەوخۆ لەژێر کاریگەرییەکانی دۆخی جیهانی و ناوچەکەدایە، بەتایبەتی دۆخی عێراق. بۆرژوازی کورد و دەسەڵاتەکەی بەتوندی لەژێر کاریگەریی ئەو فاکتۆرانەدایە کە لەسەرەتای ئەم ڕاپۆرتەدا ئاماژەی پێکراوە. واتە بنبەست و نەبوونی بەدیلی ئابووری لەو قەیرانە ئابوورییەدا کە سەرمایەداری جیهانی دەرگیریەتی، قەیرانی حکومەتی و قڵشت لەریزەکانی چینی دەسەڵاتدارادا و لەمەیداندا بوونی نارەزایەتیی بەرفراوانی کۆمەڵایەتی و خواستی ڕوخانی دەسەڵات.

ناجێگیری سیاسی و سەرگەردانیی هەڵومەرجی سیاسی کوردستان بەدوای جەنگی کەنداوەوە لە ساڵی ١٩٩١ەوە تائێستا واقعیەتێکی بێکۆتایی کوردستان و عێراقە، جا بە هەر جۆر و شێوازێک ئاڵوگۆڕێکی سیاسی لە عێراق و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕوویدابێت، ئەو گێژاو و ناجێگیرییە سیاسییە زیاتر خۆی نیشانداوین و قەیران بەدوای قەیران بەشێکی سەرەکی ژیانی دانیشتوانی ناوچەکە بووە.

٣٠ ساڵ بارودۆخی کوردستان لەلایەک کەوتۆتە ناو چوارچێوەی نەخشە و سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتی ئەمریکاوە، لەلایەکی ترەوە کێشمەکێشی وڵاتانی زلهێزی دنیا و هەروەها دەخاڵەتی وڵاتانی ناوچەکە وەک ئێران و تورکیا. لەناو ئەم واقعیەتەدا هێزەکانی دەسەڵاتدار لە کوردستاندا کە پارتی و یەکێتی و بنەماڵەی بارزانی و تاڵەبانین، کوردستانیان بە زۆنی زەرد و سەوز دابەشکردووە و بوونەتە پاشکۆی ئەو هەلومەرجە و پاشکۆی بەرژەوەندی سیاسەتەکانی وڵاتانی زلهێزی دنیا و وڵاتانی ناوچەکە، لەژێر سێبەری هەلومەرجی ئەو گێژاو و ناجێگیریی سیاسییەدا دەسەڵاتی سیاسی بەڕێوە دەبەن.

ئەوەی پێویستە ئاماژەی پێ بدەین کوردستان و عێراق و ناوچەکە لەبەرامبەر ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵوگۆڕێکی تازەن لە کێشمەکێشی وڵاتانی زلهێزی دنیا و ناوچەکە و پاشەکشەی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکادا، لە هەمان کاتدا ئاڵوگۆڕ لە مەوقعیەت و هاوسەنگی ئەو هێزە ناسیۆنالیست و دینی و تائیفیانەی لە کوردستان و عێراقدا قۆرخی دەسەڵاتیان کردووە. لەم بارەیەوە پێویستە حزب ئامادە بێت بۆ ناسینەوەی ئەو پێشهات و ئالوگۆڕانەی چاوەڕوان دەکرێت، تا بتوانێ وەک هێزێک لە شانۆی سیاسی و ئالوگۆڕەکاندا ڕۆڵی خۆی بگێڕێت و نەخشە و سیاسەتەکانی عەمەلی بکاتەوە و ئامادەیی و دەوری حزبی کۆمۆنیستی چینی کرێکار بەرجەستە بکاتەوە.

ئەوەی لەم نێوەدا شایانی باسە لە چوارچێوەی ئەم هەلومەرجە و بێدەربەستی و نابەرپرسیاریەتی تەواوی حزبەکانی دەسەڵاتدار و هاوبەشانیان لە دەسەڵاتدا دۆخێکی پڕ تورەیی و بێزاری و نارەزایەتی وەهای پێکهێناوە، کە بەرزبوونەوەی ئاستی خواست و نارەزایەتییەکانی خەڵکە لەبەرامبەر ئەم دەسەڵاتەدا. بەجۆرێک لە بەرزکردنەوەی هەر خواستێکی وەک موچەو خزمەتگوزاری و پێداویستییەکان، نەفرەت لە دەسەڵات و خواستی ڕوخانی ئەم دەسەڵاتە بەرچاوترین دروشمی نارەزایەتییەکان و تورەیی دانیشتوانی کوردستانە؛ نارەزایەتی لەبەرامبەر هەڵبژاردنەکانی عێراقدا،

خۆپیشاندانی دەیان هەزار کەسی خوێندکاران بەم دواییە، ئەو واقعیەتەی نیشانداین. واتە ئەگەر دەورانێک حزبمان لە چوارچێوەی خەباتی سیاسیدا بۆ شۆڕشی کرێکاری، ڕوخانی ئەم دەسەڵاتەی وەک بەربەستێک بە پێویست دەزانی، ئێستا خواستی ڕوخانی دەسەڵات، کە وەک بەڵا و کابوسێکە بەسەر خەڵکەوە، پێداویستی و خواستێکی جەماوەرییە. بۆیە دەبێت حزبمان ببێتە ڕابەری ئەو نارەزایەتییە و خاوەنی ئەم خواستە و پەیداکردنی ڕێگاکانی کۆتاییهێنان بەم دەسەڵاتە و تەرحکردنی ئەڵتەرناتیڤی دەسەڵاتی جەماوەری گونجاو لە دابینکردنی دەخاڵەتی ڕاستەوخۆی خەڵک لە دەسەڵاتی سیاسی و دیاریکردنی چارەنووسی خۆیدا. بارودۆخی قەیرانگرتووی ئێستا و مایە پووچبوونی حکومەت، مەسەلەی وەلانانی دەسەڵاتی ئێستا و کۆتاییهێنان بە سیستەمێکی حوکمڕانی کە بۆرژوازی کورد بۆ چەندین دەیەیە دایسەپاندووە بەسەر کۆمەڵگەی کوردستاندا، بۆتە ئەرکێکی خێرای سەرشانی چینی کرێکار و بێبەشانی کۆمەڵگە. تورەیی و نارەزایەتی ئێستای خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش، لەگەڵ ئەوەدا کە لەدژی بێکاری و هەژاری و نەبوونی خزمەتگوزاری و نەدانی مووچە و تاڵانوبڕۆی ئەحزابی دەسەڵاتداردا خۆی دەنوێنێ، بەڵام لە ناوەرۆکدا بزووتنەوەیەکی حەشارداوە کە لەدژی سەرتاپای ئەو سیستەمە حوکمڕانییە و ئەو دۆخە ئابوورییەیە کە سێ دەیەیە ژیانی ئەوانی لە نایەکسانی و ستەم و دەیان دەرد و مەینەتیدا ڕاگرتووە، بزووتنەوەیەک کە وەلانانی ئەم حکومەت و دەسەڵاتەی کردۆتە خواست و داوای جەماوەرێکی بەرفراوان. بێگومان جووڵانەوەیەکی وا ئەو تواناو قابیلیەتەی هەیە کە بەشێوازێکی شۆڕشگێڕانە نەک هەر کۆتایی بە دەسەڵاتداریێتی ئێستای حزبە بۆرژوا ناسیونالیستەکان بێهنێ، بەڵکو کۆمەڵگەی کوردستان بەرەو ئاڵوگۆڕێکی ڕیشەیی بەرێت. هاوکات خۆپیشاندان و نارەزایەتییە جەماوەرییەکان لە شارەکانی عێراق و ئێران کە ڕاستەوخۆ یەخەی بە دەسەڵاتداران لەم دوو وڵاتەدا گرتووە، فاکتۆرێکی کاریگەرە بە قازانجی یەکلاکردنەوەی خێرا و شۆڕشگێڕانەی دەسەڵات لەکوردستاندا.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، لەگەڵ ئەوەدا کە دامەزراندنی سۆشیالیزم و حکومەتی کرێکاری، لەڕێگای بەرپاکردنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکارەوە وەک تەنها ئەڵتەرناتیڤێک بەرامبەر بە سەرمایەداری و قەیرانەکەی دەزانێ، هاوکات پێیوایە کە گەیشتن بەم شۆڕشە و بەم ئەڵتەرناتیڤە لە دڵی هەلومەرجی ئێستا و بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی جەماوەرییەوە دەگیرسێ کە لەیەکەمین هەنگاوەکانیدا، بۆ خواستی وەلانانی ئەم دەسەڵاتە پێدەنێتە مەیدانەوە.

پێویستە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ببێتە نوێنەری خواستی سەرەکی ئێستای جەماوەری کوردستان کە ڕیشەی لەم گرفتانەدایە:

١/"نان" بە مانای گرانی و هەژاری و بێکاری و برسێتی، بێموچەیی و کەمی موچە، نەبوونی پێداویستی و خزمەتگوزارییەکان□ یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی نارەزایەتیی جەماوەرییە.

٢/ "ئازادی" بە مانای ئازادی سیاسی و ئازادی دەربڕین و بەیان و بیروباوەڕ و چاپەمەنی، ئازادی کۆبوونەوە، مانگرتن و خۆپیشاندان، ئازادی ڕێکخراوبوونە. بە مانایەک پێشێلکردنی ئازادی و بێئیرادەکردنی خەڵک بۆ دەورو دەخاڵەتی لە دەسەڵاتی سیاسیدا، یەکێکی ترە لە هۆکارە سەرەکییەکانی نارەزایەتی جەماوەری.

٣/ "نادیاریی ئایندەی سیاسی کوردستان" بەمانای مانەوەی کوردستان لەناو گێژاو و ناسەقامگیریی سیاسی و سەرگەردانی ئایندەی سیاسیدا لەدڵی ئاڵوگۆڕو پێشهاتەکانی عێراق و ناوچەکەدا، هۆکارێکی تری نارەزایەتی جەماوەرییە.

دیارە بەجیا لەو سێ گرفتە، کە گرفتی سەرەکی بەشی هەرەزۆری کۆمەڵگە و سەرچاوەی شکڵگرتنی نارەزایەتی جەماوەرییە، تا ڕادەی خواستی ڕاماڵین و کۆتاییهێنان بەو دەسەڵاتە، هاوکات پرسی جێگرتنەوەی ئەو دەسەڵاتە، واتە بەدیلی دەسەڵاتی میلیشیایی و حزبی و بنەماڵەیی کە لەسەر بناغەی سەلبی ڕۆڵی جەماوەر و تاکەکانی دامەزراوە، مەسەلەیەکی تری بناغەییە.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، بۆ ئەوەی ببێتە هێزی سەرەکی ڕاماڵینی ئەو دەسەڵاتە پێویستە ببێتە نوێنەری ئەو ویست و خواستە سەرەکییانەی ئێستای کۆمەڵگەی کوردستان.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان لەئێستادا کە کۆمەڵگە لەگەڵ فەشەل و بێتوانایی حکومەت بەرەوڕووە، ئەم خاڵانەی خوارەوە وەک سەرخەتی نەخشەڕێگای دەربازکردنی کۆمەڵگەی کوردستان و تێپەڕکردنی ئەم دۆخەی ئێستا دەخاتە ڕوو:

یەکەم: وەلانان و کۆتاییهێنان بە حکومەتی ئێستا بە ڕێگایەکی شۆڕشگێڕانە، لەڕێگای هەستان و ڕاپەڕینێکی جەماوەرییەوە دەبێت کە لە جەرگەی هاتنەمەیدانی فراوانی خەڵکی نارازییەوە بۆ خواستی وەلانانی دەسەڵات پێیناوەتە مەیدانەوە تا ئاستی بەرینکردنەوە و بەرزکردنەوەی بزووتنەوەیەکی سەرنگونی بۆ ڕاماڵینی دەسەڵات، واتای کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی ئێستا لەڕێگای ڕاپەڕینێکی جەماوەریی شۆڕشگێڕانە و سەرکەوتووانەوە لەوەدایە کە هەمووو دامودەزگاکانی سیستەمی حکومڕانی ئێستا، لەوانە حکومەت و پەرلەمان، سەرۆکایەتی هەرێم و هێزی چەکداری حزبەکان و هەر ئۆرگانێکی دیکە هەڵوەشێتەوە و ڕێگابکرێتەوە بۆ دەخاڵەتی جەماوەری لە بەڕێوەبردنی وڵات و بڕیاردانی ئازادانە لەسەر سیستەمی حوکمڕانی داهاتوو.

دووەم: دامەزراندنی حکومەتێکی کاتیی شۆڕشگێڕ لە نوێنەرانی جەماوەری ڕاپەڕیو، لە ڕێکخراوە و ئۆرگان و شورا و ئەنجومەنەکان و ئەو حزبانەی کە پشتیوانی ڕاپەڕینن پێکدێ و وەک بەرئەنجامێک لە هاتنەمەیدان و ڕاپەڕینی جەماوەری فراوانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی ئازادیخواز، دەبێتە بەدیل و شوێنگرەوەی حکومەتی ئێستا.

سوپاس ودانەواندنی سەری ڕێز بۆ ئەو هاوڕێیانەی کەئێستا لەناوماندا نین و گیانیان بەخت کرد لەپێناو ئامانجەکانی حزبدا.

★